# تایبەت مەندیەكانی پێغەمبەر (ﷺ)

((ئەڵقەی دووەم))

م : عەدنان سەیوانی

خوێنەری ئازیز لە ئەڵقەی یەكەمی ئەم بابەتەدا تیشكمان خستە سەر هەندێ لە تایبەت مەندیەكانی پێغەمبەری پێشەوامان (ﷺ) لە دونیادا ... پشتیوان بە خوا لەم ئەڵقەیەدا دەچینە خزمەت خاڵی دووەمی ئوخشتەیەی كە لە سەرەتاوە ئاماژەمان پێداوە .

**(ما اختص به لذاته في الآخرة) :**

پێغەمبەری ئازیزمان (ﷺ) هەروەك چۆن لە دونیادا خاوەنی چەندین تایبەت مەندی بووە ، بە هەمان شێوە خوای پەروەردگار لە ڕۆژی دواییدا چەند تایبەت مەندیەكی تری بەم سەروەرە بەخشیوە .

ئەمانەش بێگومان لە هەموو بەڵگەی روون و ئاشكران لە سەر گەورەیی و مەزنی سەرداری پێغەمبەران پێغەمبەری پێشەوامان (ﷺ) .

بەشە سەرەكیەكانی تایبەتمەندیەكانی ڕۆژی دوای پێغەمبەرمان (ﷺ) ئەمانەن :

**١ ـ الوسيلة و الفضيلة .**
**٢ ـ المقام المحمود .**
**٣ ـ ادخار دعوتهُ المستجابة .**

بە كورتی لە سەر هەر یەكی لەم سێ تایبەتمەندیانە دەدوێین :

**١ ـ الوسيلة و الفضيلة :**

(وەسیلە ) بڵندترین پلەی بەهەشتە و تایبەتی پێغەمبەری خوایە (ﷺ) .

ابن كثير ـ ڕەحمەتی خوای لێبێت ـ فەرمویەتی : ( الوسيلة علم على أعلى منزلة في الجنة ، وهي منزلة رسول الله (ﷺ) ، وهي أقرب أمكنة الجنة إلى العرش...)[1].

كە واتە (وەسیلە) بە ڕزترین مەنزڵی بەهەشتە و نزیكترین جیگەیە لە عەرشەوە پلەی هەرە بڵندی پێغەمبەری خوایە (ﷺ) .

(فەضیلە )ش : وەك (ابن حجر) فەرموویەتی : (المرتبة الزائدة على سائر

---

[1] تفسير ابن كثير : (٣ / ١٢٤) ، وانظر : "الشفا بتعريف حقوق المصطفى" : (١ / ١٩٥) .

الـخلائق ويحتمل أن يكون منـزلة أخرى أو تفسيراً للوسيلة ... )[٢].

دەگونجێ بڵێین :

(فەضیلـە) کە بە واتای ڕێز و بڵنـدی دێت ڕاڤە و جەختی پلە بڵندی وەسیلەیە کە بە هـەردوکیان (الوسـيلة والفـضيلة) واتـای جێگیربـوونی شـوێنێکی تایبـەتی نزیـك عەرشـی پـەروەردگارە بـۆ پێغەمبەری ئازیزمان (ﷺ) .

بەڵگە لە سەر ئەمە :

عن جابر بن عبد الله (رضي الله عنه) أن رسول الله (ﷺ) قال : ((من قال حـين يـسمع النداء : اللهم رب هذه الدعوة التامـــة ، والصلاة القائمة ، آت محمـداً الوسـيلةَ والفضيلةَ ، وابعثه مقاماً محموداً الذي وعدته ، حلت له شفاعتـي يوم القيامة))[٣].

لەم فـەرموودەدا دەبـنین پێغەمبـەری خـوا (ﷺ) هانمـان دەدات کـە لـە دوای بیستنی بانگ داوای بەخشینی ئـەم پایـە بڵندەی بۆ بکەین لە خوای گەورە .

[٢] فتح الباري : (٢ / ١١٣) .

[٣] صحيح البخاري رقم : (٥٨٩) .

**بیرخستنەوەیەك :** لـەم فەرموودەیـەوە بـۆ ڕوون دەبێتـەوە ئەو پارانەوەیەی کە زۆرێك لە موسڵمانانی ئەمڕۆ دەیڵێنـەوە دوای بیستنی بـانگ پێچەوانەی سـوننەتی پێغەمبـەری خوایـە (ﷺ) ! چـونکە چـەند برگەیـەکی بـۆ زیـاد کـراوە وەك : (آت [**سيدنا**] محمدا الوسيلة والفضيلة [**والدرجة الرفيعة العلية**] وابعثه مقامـا محمودا الذي وعدته [**وارزقنا شفاعته وزيارته ، إنك لا تخلفُ الميعاد**] .

وە لــە چــەندین فــەرموودەی تــردا پێغەمبــەری خـوا (ﷺ) فــەرمانمان پــێ دەکات ئەم داوایەی بۆ بکەین :

عن عبد الله بن عمرو (رضي الله عنه) أنه سمـع النبـي (ﷺ) يقول : ((إذا سمعتم المـؤذن فقولوا مثل ما يقول المؤذن ، ثم صلوا علي فإنه من صلى علي صلاة صلى الله عليه بها عشرا ، ثم سلوا لي الوسيلة ، فإنها منزلة في الجنة لا تنبغي إلا لعبد من عباد الله وأرجو أن أكون أنا هو ، فمن سأل الله لي الوسيلة حلت له الشفاعة))[٤].

واتە : ئەگەر گوێتان لە بانگ بوو ئەوا بانگدەر چی دەڵێـت ئێـوەش بیڵێنـەوە ، پاشان صـەڵاواتم لـە سـەر بدەن چـونکە هەرکەسێك یەك صەڵاواتم لـە سـەر بدات ئـەوا خـوا دە جـار صـەڵاواتی لـە سـەر دەدات ، پاشان داوای وەسیلەم بۆ بکەن ، چونکە وەسیلە پلەیەکـە لـە بەهەشـتدا تەنها شایستەی بەندەیەکە لە بەندەکانی خــوا ، وە هیــوا و ئومێــدم وایــە ئــەو بەندەیە مـن بم ، جـا هـەر کەسێك داوای وەسـیلەم بـۆ بکـات لـە خـوا ئـەوا بـەر شەفاعەتی من دەکەوێت .

[٤] صحيح مسلم : (٣٨٤) وصحيح سنن الترمذي : (٣٦١٤).

وە پێغەمبەری خوا (ﷺ) فەرموویەتی : ((الوسيلة درجة عند الله ليس فوقها درجة ، فسلوا الله أن يؤتيني الوسيلة))[٥] .

واتە : وەسیلە پلەیەكە لای خوا هیچ پلەیەك لەو پلەیە بەرزتر نییە ، جا ئێوەش داوام بۆ بكەن كە خوا پلەی وەسیلەم پێ ببەخشێت .

**٢ـ المقام المحمود :**

(محمود) (اسم مفعول )ـە و واتای (سوپاسكراو) دەگەیەنێت ، پێغەمبەری ئازیزمان (ﷺ) بە هۆی تكای سەرتاسەری بۆ یەك لا بوونەوەی مەینەتی ئەو ڕۆژە سەختەی دەشتی مەحشەر هەمووان سوپاسی ئەم شەفاعەتە گەورە وەرگیراوەی دەكەن .

رای زۆربەی زانایان لە سەر ئەوەیە كە (مقام المحمود) شەفاعەتی گەورەی پێغەمبەری خوایە (ﷺ) [٦] ، وە (ابن حجر) فەرموویەتی : (والراجح أن المراد بالمقام المحمود الشفاعة ...)[٧] .

(مقام المحمود) یەكێكی ترە لە بەخشینە تایبەتیەكانی پەروەردگار بۆ پێغەمبەرەی پێشەوا (ﷺ) لە ڕۆژی دوایدا ، وە ئەم پلە و ڕێزە گەورەیە تەنها لەو ڕۆژەدا بەم سەروەرە بەخشراوە ، بە بەڵگەی چەند فەرموودەیەكی صەحیح كە پەروەردگار فەرمانی زیندوبونەوەی داوە و هەموو ئەوانەی پێشین و دواینیش كۆدەكاتەوە لە یەك دەشتدا ((جمع الأولين والآخرين في صعيد واحد...))[٨] ، ئا لەو ڕۆژە سەختەدا خەڵكان یەك لە دوای یەكی پێغەمبەران (عليهم السلام ) بە سەردەكەنەوە و دەچنە خزمتیان بەڵكو تكایەكیان بۆ بكەن لای پەروەردگار بۆ ڕزگار بوونی خەڵكان لەو ناڕەحەتیە ، بەڵام پێغەمبەران (عليهم السلام) لە ئادەمەوە تا عیسی (عليهم السلام) هەموویان هەر یەك بە شێوازێكی تایبەت ئەم سپاردە و تكا كاریە ڕەوانەی دواین پێغەمبەر دەكەن كە سەرداری پێغەمبەران و پێشەوای مرۆڤایەتییە (ﷺ) ، دوا جار پێغەمبەری خۆشەویستمان (ﷺ) نێو چاوانی پیرۆزی دەخاتە سەر زەوی و دەست دەكات بە تكا كردن ، وە لەو ڕۆژەدا خوای پەروەردگار چەند ووشەیەكی تایبەت دەخاتە سەر زمانی پیرۆزی و شەفاعەتیان پێ دەكات ، پاشان خوای

---

(٥) سلسلة الأحاديث الصحيحة رقم : (٣٥٧١) وصحيح الجامع الصغير رقم : (٧١٥١) ، وانظر : "الخصائص" للسيوطي : (٢ / ٣٩٠) .

(٦) انظر تفسير الطبري : (١٥ / ٩٧) ، و "نضرة النعيم" : (١ / ٤٧١) .

(٧) فتح الباري : (١١ / ٤٣٥) .

(٨) صحيح البخاري رقم : (٤٧١٢) وصحيح مسلم رقم : (١٩٤) بنحو ذلك .

پەروەردگار دەفەرموێت : ((يا محمد ارفع رأسك ، سل تعط ، واشفع تشفع...))[٩].

لە کاتێکدا پێغەمبەران (عليهم السلام) ئەم داوا کاریەی خەڵکان بەڕێ دەکەن و بە دواین پێغەمبەری دەسپێرن (ﷺ) ، ئەم سەروەرەش دەفەرموێت : ((أنا لها ، أنا لها ...))[١٠] .

بە هۆی ئەم ڕێز و میهرەبانیەی پێغەمبەرەوە (ﷺ) کە نمایشی دەکات و دواجار تکای وەرگیراو دەبێت هەمووان یەکپارچە سوپاسی بێ پایانی دەکەن ، تەنانەت پەروەردگاریش سوپاسی دەکات .

(ابن کثیر) فەرموویەتی : (يحمدك فيه الخلائق كلهم وخالقهم تبارك وتعالى)[١١] ، ئەمەش واتاو ناوەڕۆکی فەرموودەی پەروەردگارە کە بە پێغەمبەری پێشەوامان فەرموویەتی ﴿وَمِنَ اللَّيْلِ فَتَهَجَّدْ بِهِ نَافِلَةً لَّكَ عَسَى أَن يَبْعَثَكَ رَبُّكَ مَقَامًا مَّحْمُودًا﴾[١٢] .

لێرەدا پێوستە ئاماژەیەك بدەین بە مەسەلەیەکی گرنگ ، کە لێدوانە لە سەر شەفاعەت و جۆرەکانی ...

چونکە پێغەمبەرانی دیکەش (عليهم السلام) هەموویان بۆ گەلانی خۆیان شەفاعەت دەکەن ، تەنانەت (الصديقين والشهداء والصالحين) هەموو یەکێ لە مانیش خاوەنی شەفاعەتی خۆیانن بۆ کەس وکاریان ...

ئەو شەفاعەتانەی کە تەنها تایبەتی پێغەمبەرمانە (ﷺ) ئەم جۆرە شەفاعەتانەن :

١ _ (الشفاعة العظمى) یان ( الشفاعة العامة في فصل القضاء)[١٣] (٣).

٢ _ (الشفاعة في استفتاح باب الجنة) : تکای کردنەوەی دەرگای بەهەشت .

٣ _ (الشفاعة في تقديم من لا حساب عليهم في دخول الجنة ) : تکای پێش خستنی چونە بەهەشتی کەسانێك لە گەلەکەی بە بێ لێپرسینەوە.

٤ - ( الشفاعة في تخفيف العذاب عن عمه أبي طالب ) : تکای سوك کردنی سزای مامی کە (أبو طالب)ـە.

ئەم (چوار) جۆرە شەفاعەتە تایبەتیی پێغەمبەری ئاخر زەمانە کە

---

[٩] صحيح البخاري رقم : (٧٤٤٠) وصحيح مسلم رقم : (٣٢٣) .

[١٠] صحيح البخاري رقم : (٧٥١٠) وصحيح مسلم رقم : (١٩٣) ، وانظر الأحاديث الواردة في ذلك في "تفسير ابن كثير" : (٥ / ١٠٨ ـ ١١٦) .

[١١] تفسير ابن كثير : (٥ / ١٠٩) .

[١٢] سورة الإسراء : (٧٩) .

[١٣] پێشتر لە سەری دواین .

(محمد المصطفى) یە (ﷺ) بەڵگەش بۆ هەر یەکەیان :

أ - شەفاعەتی یەکەم پێشتر ئاماژەمان پێدا .

ب - شەفاعتی دووەم :

پێغەمبەری خوا (ﷺ) فەرموویەتی : ((آتي باب الجنة يوم القيامة ، فاستفتح ، فيقول الخازن : من أنت ؟ فأقول : محمد ، فيقول : بك أُمرت لا أفتح لأحد قبلك))[١٤].

ج ـ شەفاعەتی سێیەم :

پێغەمبەری خوا (ﷺ) فەرموویەتی : ((سألت ربي عز و جل فوعدني أنْ يدخل من أمتي سبعين ألفاً على صورة القمر ليلة البدر ، فاستزدت فزادني مع كل ألف سبعين ألفاً ...))[١٥].

د - شەفاعەتی چوارەم بۆ مامی (أبو طالب) :

پێغەمبەری خوا (ﷺ) فەرموویەتی : ((لعله تنفعه شفاعتي يوم القيامة ، فيجعل في ضحضاح من النار يبلغ كعبيه يغلي منه أم دماغه))[١٦].

سەرەڕای ئەم چوار شەفاعەتە تایبەتەی پێغەمبەرمان (ﷺ) ، سێ شەفاعەتی تر هەیە :

١ - (الشفاعة فيمن استحق النار من الموحدين أن لا يدخلها) : واتە شەفاعەت بۆ نەچوونە دۆزەخی کەسانێك لە ئوممەتەکەی (ﷺ) کە موستەحەقی دۆزەخن .

٢ - (الشفاعة في إخراج عصاة الموحدين من النار) : واتە شەفاعەت بۆ دەرهێنانی هەندێ لە دۆزەخییەکانی ئوممەتەکەی (ﷺ) .

٣ - (الشفاعة في رفع درجات ناس في الجنة) : واتە شەفاعەت بۆ بەرزکردنەوەی پلە و پایەی هەندێ لە بەهەشتییەکانی ئوممەتەکەی (ﷺ)[١٧] .

**٣ - ادخار دعوته المستجابة : هێشتنەوەی نزای قبوڵکراوی بۆ قیامەت :**

گومانی تێدا نییە کە پێغەمبەران (عليهم السلام) هەڵبژێراوانی نێو خەڵکین لای پەروەردگار ، وە بۆ پاڵپشتی بانگەوازەکەیان چەندین بەڵگە و موعجیزەی پێ بەخشیون ، یەکێك لەو بەخششە تایبەتیانەی کە پێیان دراوە گیرا بوونی نزا و تکایانە وەك پێغەمبەری

---

[١٤] صحيح مسلم رقم : (١٩٧) .

[١٥] **سلسلة الأحاديث الصحيحة رقم : (١٤٨٤) وصحيح الجامع الصغير رقم : (١٠٥٧) ، وأصله في صحيح البخاري رقم : (٣٢٤٧) و (٦٥٤٣) و (٦٥٥٤) وصحيح مسلم رقم : (٢١٧) .**

[١٦] صحيح البخاري رقم : (٦٥٦٤) وصحيح مسلم رقم : (٢١٠) .

[١٧] انظر نضرة النعيم : (١ / ٤٧٥) وشرح العقيدة الطحاوية لابن أبي العز : ( / ) .

خوا فەرموويەتی : ((لكل نبي دعوة مستجابة ...))[١٨] .

بەڵام وەك ئیمامی نەوەوی فەرموويەتی :

(...لكل نبي دعوة مستجابة ...فنالها كل نبي من الأنبياء في الدنيا ، وأما نبينا (ﷺ) فادخرها شفاعةً لأمته يوم الفاقة وخاتمة المحن ... وما فعله (ﷺ) فهو من كمال شفقته على أمته ورأفته بهم واعتنائه بالنظر في مصالحهم ...)[١٩] .

کەواتە سەرداری مرۆڤایەتی پێغەمبەری خۆشەویستمان (ﷺ) ئەم دوعا و تکا و نزا وەرگیراوەی هەڵگرتووە بۆ دوا ڕۆژ و لەو مەینەتیە سەختەی قیامەت چەند شەفاعەت و تکایەك بۆ ئوممەتی شوێن کەوتووی پەیامە مەزنەکەی دەکات ، کە ئەمەش بەڵگەیەکی ئاشکرای ترە لە سەر میهرەبانی و پەرۆشی پێغەمبەرەمان (ﷺ) بۆ شوێن کەوتوانی شارێگەی بەختەوەری ...

ئەم تکایەش وەك پێغەمبەری خوا (ﷺ) فەرموويەتی : ((نائلة إنْ شاء الله من مات من أمتي لا يشرك بالله شيئاً))[٢٠] .

واتە : ئەم تکا و پاڕانەوەیە بە ویستی خوا بەر ئەوانە دەکەوێت کە دەمرن لە ئوممەتەکەم و بە هیچ شێوەیەك هاوەڵ و شەریك بۆ خوا بڕیار نادەن .

وعن أبي هريرة (رضي الله عنه) قال :

پەروەردگار لە بەر پیرۆزی ناوەکانت بە میهرەبانی بێ سنوری خۆت بمانخەیتە بەر شەفاعەتی ئەم پێغەمبەرە نازدارەی خۆت (ﷺ) .

وە بە پشتوانی خوا لە ئەڵقەکانی تردا دەچینە سەر خاڵەکانی دیکە ...

---

[١٨] صحيح البخاري رقم : (٦٣٠٤) وصحيح مسلم رقم : (١٩٩) .

[١٩] نقلناه بتصرف من "شرح صحيح مسلم" : (٣ / ٧٥) ، وانظر : "نضرة النعيم" : (١ / ٤٧٩) .

[٢٠] جزء من الحديث السابق .